# مرۆڤ و عەقلّ و ئارەزووەکان

## بژار



عەقلّ فکرە , بەلاّم بە بەرجەستە کراوی . فکریّکە بە ڕووکەش خەیالّی لە خۆی داماڵیوە . بە گویّرەی لۆجیك دەجوولیّتەوە . عەقلّ لە سەر بنەمای خواستە دەروونییەکانی مرۆڤەوە دروست دەبیّت , وە بە پەیوەند بە چوونە سەری داخوازییەکانی مرۆڤەوە , ئەمیش دەچیّتە پیّشەوە . لە پیّناوی خواستە دەروونییەکاندا عەقلّ گەشە دەکات . عەقلّ فکریّکە کە لە سەر شت ساغ بووەتەوە . فکر لە داچوونیا بۆ ساغ کردنەوەی شتیّك , عەقلّ نییە , بەلاّم کە ساغی کردەوە ئیتر عەقلّە . خەیالّ بەشیّك نییە لە فکر , بەلّکو بەشیّکە لە خواستە دەروونییەکان . خەیالّ لە فکر گرنگترە , چونکە فکر لە لایەنیّکیدا لە خزمەتی ئەودا ئیش دەکات " لە ڕاستیدا فکر خۆی بەرهەمی خەیالّە و لە ووتاری داهاتوومدا ئەم بابەتە شی دەکەمەوە و بە گویّرەی توانا دەچمە ناو ووردەکارییەکانیەوە " . بە گویّرەی چوونە پیّشەوەی فکر , عەقلّ دەچیّتە پیّشەوە . هەمیشە فکر یەکەمجار پیّش دەکەویّت نەك عەقلّ . عەقلّ بەشیّکە لە فکر بە شیّوەیەکی گشتی , بەلاّم فکریّکی بەرجەستە کراوە بە شیّوەیەکی تایبەتی .

عەقلّ ئامڕازی بالاّنس " تەوازون " پیّکردنی ئارەزووەکان " خواستە دەروونییەکان " و بەدیهاتنیانە . پاشکۆیە بۆ ئارەزووەکانی مرۆڤ و تەنیا بە پەیوەست بەو ئارەزووانەوە دەتوانیّت بژی . عەقلّ بۆیە گەشە دەکات , چونکە ئارەزووەکان گەشە دەکەن . ئارەزووەکانی مرۆڤ سنوور ناناسن . عەقلّ ئامڕازی سنووردار کردنی ئارەزووەکانە لە کات و شویّنی دیاریکراودا . ئەم سنووردار کردنەی ئارەزووەکان لەسەر خواستی ناچارییانەی ئارەزووەکان خۆیانە بۆ بەدیهاتنیان . پیّداویستی هاتنی عەقلّ لیّرەوەیە . هەر بە تەنیا مرۆڤ خاوەنی عەقلّ نیە . واتە گیانەوەرەکانی تریش عەقلّیان هەیە . جیاوازی عەقلّی مرۆڤ و ئاژەلّ لەویادایە کە یەکەمیان " واتە عەقلّی مرۆڤ " گەشە دەکات و دووەمیان نایکات . هۆکاری گەشە نەکردنی عەقلّی ئاژەلّ دەگەڕیّتەوە بۆ سنوورداریەتی بەرتەسکی ئارەزووەکانیان . واتە ئارەزووەکانیان گەشە ناکەن , بۆیە عەقلّیشیان گەشە ناکات . نهیّنی جیاوازییەکانی مرۆڤ و ئاژەلّ , پیّش ئەوەی پەیوەندی بە جیاوازی عەقلّیانەوە هەبیّت , پەیوەندی بە جیاوازی ئارەزووەکانیانەوە هەیە . ئەو پیّداویستییانە کامانەن کە هۆکاری لە دایك بوونی ئارەزووەکانی مرۆڤن بەو شیّوە بەرینییە ؟ ئەی ئەو پیّداویستییانەی تریش کامانەن کە هۆکاری لە دایك بوونی ئارەزووەکانی ئاژەلّن بەو شیّوە سنووردار و بەرتەسکییە ؟ هەرچەندە

وەلامە فەلسەفییەکان ڕاناوەستن لەسەر ڕوون کردنەوە زانستییەکان , بەلام زیاتر ئەرکی زانستە وەلام بەو پرسیارانە بداتەوە . ئەوەی کە گرنگە لەم بارەیەوە عەقڵ نییە , ئارەزووەکانە .
. عەقڵ خزمەتگوزارە بە ئارەزووەکان نەك بە پێچەوانەوە . مێژووی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەم پێچەوانە بوونەوەیەوە دەست پێدەکات . واتە مێژووی چەوساندنەوە , مێژووی دابڕانی عەقڵە لە ئەرکە سروشتییەکەی خۆی کە پاشکۆ بوونیەتی بۆ ئارەزووەکان . مێژووی فەرمانداری کردنی عەقڵ بە سەر ئارەزووەکانەوە , هەر بە تەنیا مێژووی چەوساندنەوە نییە , مێژووی کۆنە پەرستی و ئەخلاقیشە . مێژووی هاتن و سەقامگیر بوونی ئایینە وەکو دەسەلاتێکی زەمینی و مێژووی دابڕانی وورد ووردەی خێزانیشە لە پەیوەندییە مرۆییەکان . نەك هەر ئەوانە , بەڵکو مێژووی دواکەوتن و بەرگرتنیشە بە زانست . لەوانەش واوەتر مێژووی گەمارۆدانی ئازادی و گرتنیەتی لە لایەن دەسەلاتەوە . مێژووی پەیدابوونی دەسەلاتی کۆمەلایەتی و تالانکردنی دەسەلاتی تاکایەتییە . مێژووی بردنە دواوەی گەشەی سروشتییانەی ئارەزووەکانە . مێژووی بەرگرتنە بە چوونە پێشەوەی عەقڵ خۆی .
پەیوەندی عەقڵ و چوونە پێشەوەی لە بناغەدا پەیوەندی عەقڵ و کار کردن نییە , بەڵکو پەیوەندی عەقڵ و چوونە پێشەوەی ئارەزووەکانە . مەسەلەی کار کردن لە پێداویستییەکانی ژیان و بە دەستهێنانی ژیانێکی باشترەوە هاتووە . بەلام پێداویستییەکانی ژیان و بەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر , لە ئارەزووەکانەوە سەرچاوە دەگرن . یانی بابەتی پێداویستییەکانی ژیان و بەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر , بەرهەمی ئارەزووەکانی مرۆڤە نەك عەقڵ . دەوری عەقڵ لێرەدا تەنیا یەکپێگرتنی بەدیهاتنەکان و ئارەزووەکانە . یانی بە کەتوار " واقیع " کردنەوەی ئەو بەدیهاتنانەیە . ئارەزووەکانی مرۆڤ پەلوپۆ زۆر دەهاوون . فراوان بوونەوەیان سیستمە " یانی کۆتایی هێنان بۆ بەدیهاتنی ئارەزووەکان نییە " . هەمیشە عەقڵ ڕێپیشاندەری ئارەزووەکانە بۆ بڕی هاتنەدییان لە کات و شوێنی دیاریکراودا . هەموو ئارەزوویەك کە بەدیدێت , ئارەزوویەکی گەورەتر لە پشتی ئەوەوە لە دایك دەبێت . ئەمە جگە لەوەی هەموو ئارەزوویەك کە بەدی دێت , دەسکەوتێك دەبێت بۆ عەقڵ و عەقڵ خۆی لە ڕێگای ئەو دەستکەوتانەوە دەوڵەمەند و دەوڵەمەندتر دەکات . هەموو دەستکەوتێك کە بە دەست دێت , تاقی کردنەوەیەکی سەرکەوتوانەیە بۆ عەقڵ و لە مێژووی پەرەسەندنیدا تۆمار دەبێت . چوونە پێشەوەی عەقڵ بەرئەنجامی کەڵەکە بوونی ئەم تاقیکردنەوانەیە کە ئەوانیش بۆ خۆیان بەرهەمی دەورگێڕانی سەرکەوتووانەی عەقڵن لە ئامراز بوونەکەیدا بۆ بالانس پێکردنی ئارەزووەکان و بەدیهاتنەکانیان . بێگومان ئەم گەشەکردنەی عەقڵ لە گەشەکردنی بەردەوامییانەی ئارەزووەکانەوە دێت .
ئارەزووەکانی مرۆڤ هەمیشە لە ڕێڕەوی بەدیهتنەکانیاندا و وەك بەرئەنجامی یەك لە دوای یەکی ئەو بەدیهاتنانە , گەورە دەبن و زیاد دەکەن . نهێنی چوونە پێشەوەی مرۆڤ لێرەدایە . وە نهێنی چوونە پێشەوەی عەقڵیش لێرەدایە . تراژیدیای مرۆڤ بۆیە هەیە , چونکە جێگۆڕکێ بە ڕۆڵی سروشتییانەی ئەم دوانە " عەقڵ و ئارەزوو " کراوە . واتە لە جیاتی ئەوەی عەقڵ پاشکۆی ئارەزوو بێت , ئارەزوو کراوە بە

پاشكۆی عەقڵ . ئەم جێگۆڕكێیە بوو , ئەم هەموو خوێنەی لە دونیادا ڕشت . گرفتەكە تا ئێستا لەویادایە , لە دووتوێی هێشتنەوەی فەرمانداریەتییەكەی عەقڵەوەیە كە چارەسەرەكان بۆ كێشەكانی مرۆڤایەتی دەدۆزرێنەوە . فەلسەفەی بە ئاكام نەگەیشتنی ئەو چارەسەرانە لێرەوەیە . واتە لە بنەوەڕا لە كێشەكە ناڕوانن . كێشە ئەسڵییەكە لە فەرمانداریەتی عەقڵ و پاشكۆ پێكردنی ئارەزووەكانەوەیە . ئەخلاق كراوە بە یەكێك لە ئامرازەكانی بالانس پێكردنی فەرمانداریەتی عەقڵ و پاشكۆیەتی زۆرەملێیانەی ئارەزووەكان بۆی . یاساكان و ڕێوڕەسمە كۆمەڵایەتییەكان و ئایینەكانیش بۆ خۆیان چەند ئامرازێكی ترن لەو نێوەدا . ناعەقڵانیترین ڕێگە كە تا ئێستا گیراوەتە بەر , ڕێز لێنانی عەقڵ بووە لە بەرانبەر ئارەزووەكاندا . پەیوەندییە كۆمەڵایەتییە نامرۆییەكان لە خێزاندا كە بناغەی لێوەهەڵسانی هەموو پەیوەندییە كۆمەڵایەتییە نامرۆییەكانی كۆمەڵگاكانی جیهانە , لەم فەرمانداریەتییەی عەقڵەوە سەرچاوە دەگرن كە بە سەر ئارەزووەكاندا هەیەتی . ئەم فەرمانداریەتییەی عەقڵ بە سەر ئارەزووەكانەوە لە كۆمەڵگادا , وەكو خوێنی لێهاتووە لە لەشی مرۆڤدا ( نەك وەكو خوێن پێویست بێت " مەبەستم پێویست بوون نییە " , بەڵكو وەكو خوێن چووەتە سەرتاپای لەشی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان و هەر هەموو كۆمەڵگاوە ) . ڕاماڵینی ئەم فەرمانداریەتییەی عەقڵ , بەتاڵ كردنەوەی ئەم ملهوڕییەی عەقڵ , كۆتایی هێنان بەم مێژووە نەگریسەی عەقڵ ,, كارێكی هەروا ئاسان نییە . هەڵەی بنچینەیی لە فەلسەفەی ماركس دا هێشتنەوەی ئەم فەرمانداریەتەی عەقڵە بە سەر ئارەزووەكانەوە . لەگەڵ ئەوەدا كە ماركسیزم ڕادیكالترین فەلسەفەیە بۆ چارەسەر كردنی كێشەی مرۆڤایەتی لە دووتوێی فەرمانداریەتی عەقڵەوە بۆ ئارەزووەكان و پاشكۆ پێكردنیەوە بۆ ژێرخانی ئابوورییانەی كۆمەڵگا , كەچی لە ماوەی زیاتر لە سەدوپەنجا ساڵدا ناتوانێت بە ئەنجام بگات , ئەویش لە بەر ئەوەی كە پاشكۆیەتی عەقڵ بە فەرمی بۆ ئارەزووەكان ناناسێت و لەوێوە نەخشەی خەباتی كۆمەڵایەتی دادەڕێژێت .ماركسیزم گۆڕانكارییەكانی عەقڵ لە ڕێڕەوی پەرەسەندنیدا دەبەستێتەوە بە كار " ئیش " ی مرۆڤەوە , لە كاتێكدا كە كاری مرۆڤ لە ژێر چاوەدێری عەقڵدا و لە پێناوی بەدیهاتنی سنووردارانەی هەموو جارەی ئارەزووەكاندا بە ئەنجام دەگات . كار كردن پرۆسەیەكە بەدی هاتنی ئارەزووی تیا گەڵاڵە دەبێت . عەقڵ سەرپەرشتی ئەم پرۆسەیە دەكات بۆ بە ئەنجام گەیشتنی . هەموو بە ئەنجام گەیشتنێكی كار كە هێنانەدی ئارەزوویەكە بۆ مرۆڤ , هۆكاری لە دایك بوونی ئارەزوویەكی گەورەترە لەو بارەیەوە كە گۆڕانكارییەكی چۆنایەتی بە پلەیەك دەگرێتە خۆی . پرۆسەی كار و بە ئەنجام گەیشتنەكەشی , تاقی كردنەوەیەكی سەركەوتووانەیە بۆ عەقڵ كە لە دووتوێی كۆكردنەوەی كۆمەڵێك دەستكەوتی جۆراوجۆرەوە و گیرساندنی لە یەك دەستكەوتی گەورەدا عەقڵ دەوڵەمەند دەكات . هەموو دەوڵەمەند بوونێكی عەقڵ , ئامادە باشییەكی تری پێدەدات بۆ بە ئەنجام گەیاندنی كاری گەورەتر كە هێنانەدی ئارەزووی دیكەی مرۆڤە . یانی هۆكاری ئەسڵیی بۆ چوونە پێشەوەی كار و عەقڵ , ئارەزووەكان " خواستە دەروونییەكان " ی مرۆڤن . بەڵام چوونە پێشەوەی ئارەزووەكانی مرۆڤ و هێنانەدی سنووردارانەیان , لە سەر بناغەی چوونە پێشەوەی عەقڵ و كارەوە ڕێگای سروشتیی خۆی دەگرێتە بەر .

عەقڵ سەبارەت بە دەسەڵاتداران بە شێوەیەکی گشتیی هەمان ڕۆڵی سروشتیی و بنچینەیی خۆی دەگێڕێت . واتە ئامڕازی بالأنس پێکردنی ئارەزووەکان و بەدیهاتنەکانیانە . ئەم دەورە سروشتییەی عەقڵ لە پاشکۆ بوونیەوە بۆ ئارەزووەکان کە دەیبینێت بۆ دەسەڵاتداران , لە سەر دەورە نا سروشتییەکەیەوەیەتی کە لە فەرمانداریەتییەکەیدا بۆ ئارەزووەکان دەیبینێت بۆ چەوساوەکان . لای دەسەلاتدارانەوە , دەسەڵات داناسە پێت بە سەر عەقڵدا " بە شێوەیەکی زۆر دەگمەن و زۆر کەم نەبێت " بۆ خزمەت کردن بە ئارەزووەکان , چونکە ئەوە کاری سروشتیی عەقڵ خۆیەتی ,, بەلاّم بۆ زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی کۆمەڵگا دەسەڵات دادەسەپێت بە سەر عەقڵدا بۆ فەرمانداری کردن بەسەر ئارەزووەکانەوە و گەیاندنیان بە ئامانجەکانیان بە پێی تەوەرە بەستنیان بە دەوری دەسەڵاتداراندا . یانی بۆ زۆربەی زۆری خەڵك , عەقڵ بە پێی خزمەت کردن بە دەسەڵاتداران ڕێگای بە ئامڕاز بوونی پێدەدرێت بۆ کار کردن لە بواری چەندیەتی و چۆنیەتی بەدیهاتنی ئارەزووەکاندا . دەوری کۆنەپەرستی عەقڵ لێرەدایە . مەسەلەی کۆنەپەرستی لە عەقڵدا بە پێی زەوت کردنی مافی کەسانی دیکە دیاری دەکرێت . زەوت کردنی مافی کەسانی دیکەش دەگەڕێتەوە بۆ زنجیرەیەکی دوورودرێژ لە پلەوپایە جۆربەجۆرەکانی دەسەڵاتە سیاسی و کۆمەلأیەتی و تاکایەتییەکان . یانی پێوانە بۆ پیادە کردنی کۆنەپەرستی عەقڵ , دەسەڵاتە . عەقڵ هەر لای دەسەڵاتداران دەوری کۆنەپەرستانە نابینێت . لای بێدەسەلاتانیش " ووشەی بێدەسەڵات بە واتا ڕێژەدارییەکەی بەکاری دەهێنم نەك بە مانا ڕەهاییەکەی " عەقڵ دەوری کۆنەپەرستانە دەبینێت . عەقڵ لای دەسەڵاتداران بەو بڕەی نەخشە داڕێژەری بە ئامانج گەیشتنی ئارەزووەکانیانە , کۆنەپەرست نییە ,, بەلاّم بەو بڕەی دەچێتە خانەی کۆنترۆڵ و پوکاندنەوەی ئارەزووی کەسانی دیکەوە , کۆنەپەرستە . عەقڵ لای بێدەسەڵاتانیش بەو بڕەی ئامڕازی بالأنس پێکردنی ئارەزووەکانیان و بەدیهاتنیانە , کۆنەپەرست نییە ,, بەلاّم بەو بڕەی ڕێگرە لە بەردەم بەدیهاتنی ئارەزووەکانیاندا , بەو بڕە کۆنەپەرستە . عەقڵ لای هەرکەسێکەوە " با چەوساوەش بێت " لاقەی ئارەزووی هەر کەسێکی دیکە بکات , کۆنەپەرستە . هەمیشە پێوانە بۆ پێشکەوتنخوازی عەقڵ بە فەرمی ناسینی یەکسانی مرۆڤەکانی سەرتاپای کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە لە هەموو مەیدانەکانی ژیانیاندا .

نەك هەر عەقڵی چەوسێنەران فەرمانداری دەکەن بەسەر عەقڵ و ئارەزووەکانی چەوساوەکانەوە , بەڵکو لە ژێر فشاری عەقڵی چەوسێنەراندا , عەقڵی چەوساوەکان خۆیشیان فەرماندارن بەسەر ئارەزووەکانیانەوە . چەوسێنەران ئەگەر عەقڵی چەوساوەکان دیل نەکەن , ناتوانن فەرمانداریی ئارەزووەکانیشیان بکەن . یانی وەکو چۆن ئەمەریکا حوکومەتی دەستنیای خۆی لە وولأتاندا دێنێتە سەر کار , عەقڵی چەوسێنەرانیش بەو شێوەیە عەقڵی چەوساوەکان بۆ فەرمانداری کردنی ئارەزووەکانیان دێننە سەر کار . ئا لێرەدایە کە عەقڵی چەوسێنەران و چەوساوەکان دەچن بە ناو یەکدا و یەك سیستمی عەقلأنی گشتیی بۆ کۆمەڵگا دادەمەزرێنن . ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە ئەوەیە کە هیچ عەقڵێك فەرمانداریی ئارەزووەکانی خاوەنەکەی " مرۆڤەکەی

خۆی " ناكات , بەڵام لە ژێر فشارێكدا " جا ئەگەر دەسەڵاتێكی ڕاستەوخۆ بێت یان عەقڵی گشتیی بێت " ناچار دەبێت ئەو فەرمانداریيە بگرێتە ئەستۆ .
هەموو جۆرە عەقڵێكی گشتیی دوو جۆر عەقڵی تیایە , عەقڵێكی پێشڕەو و عەقڵێكی شوێنكەوتە . عەقڵی پێشڕەو دەسەڵاتدارە و عەقڵی شوێنكەوتە بێدەسەڵاتە " بە زۆر پەیوەست كراوە پێیەوە " . بە هۆی ئەو دەسەڵاتەوەیە " دەسەڵاتی عەقڵی پێشڕەو " كە ئەو دوو عەقڵە دەچن بە ناو یەكدا و تا ڕادەیەكی زۆر یەكانگیر دەبن . لە بەردەوام بوونی یەكانگیر بوونی ئەم دوو عەقڵەدا جۆرێك لە ڕاهاتن دروست دەبێت . مرۆڤەكان كەم و زۆر , لێرە و لەوێ و بە پێی هاتنەوەی لەگەڵ فاكتەرەكانی دیكەی ئابووری ڕۆشنبیری و دەسەڵات و ....هتدا , دەقی پێوە دەگرن . یەكانگیر بوونی ئەم دوو عەقڵە تایبەتی و گشتییە , بە مانای ڕەت بوونەوەی ناكۆكی نێوانیان نییە . ناكۆكی نێوانیان ئەگەر لە یەكانگیر بوونیان زیاتر نەبێت , كەمتر نییە , بەڵام ئەوە فشاری دەسەڵاتە كە ناهێڵێت ئەو ناكۆكییانە بگەنە حاڵەتی تەقینەوە . ڕاگرتن و شوێن خستنی عەقڵێك لە لایەن عەقڵێكی دیكەوە , بە مانای چەوساندنەوەی عەقڵی شوێنكەوتوو دێت لە لایەن عەقڵی بەركەوتوو" پێشڕەو " ەوە . كەواتە عەقڵ هەیە چەوسێنەرە و عەقڵیش هەیە چەوساوەیە . عەقڵی چەوسێنەر هەڵگری تاریكییە و عەقڵی چەوساوەش " ئەگەر بەرەنگاری عەقڵی چەوسێنەر ببێتەوە " بە پێی بەرەنگار بوونەوەی بۆ ئازادی , هەڵگری ڕووناكییە . ئەمە لەسەر ئاستی كۆمەڵگا ئاوایە , بەڵام لەسەر ئاستی تایبەتی " تاكایەتی " هەموو عەقڵێك هەڵگری ڕووناكییە , چونكە شوێنكەوتەی خواستە دەروونییەكان و ڕۆشنكەرەوەی ڕێگا و نەخشە دارێژەر و بە ئەنجام گەیاندنی ئەو خواستانەیە . عەقڵی تاك بەو برەی لە پێناوی تاكایەتی خۆیدا عەقڵی دیكە شوێن خۆی دەخات , یانی بەو برە چەوسێنەرە و لەوێشەوە بێگومان هەڵگری تاریكییە . بەڵام هەر ئەو عەقڵی تاكە , بەو برەی عەقڵی دیكە لە سەر بناغەی وەلانانی هەڵاواردن و دابین كردنی یەكسانی هەمەلایەنە و بە ئەنجام گەیاندنی چوونیەكانەی خواستە دەروونییەكانی هەر هەموو لایەك , عەقڵی دیكە شوێن خۆی دەخات , یانی بەو برە عەقڵێكی ناچەوسێنەرانە و مرۆڤ پەروەرانەیە . ئاخر ئەم عەقڵە , گشتی بوونەوە , لە یەكسانی بوونەوەی تاكایەتیدا دەبینێت . یانی نوێنەرایەتی بۆ گشت دادەنێت لە سەر بناغەی كەس و دەستە و تاقم و هێز و حزب و لایەن و حوكومەتەوە , بەڵكو گشتایەتییەكە چۆن لە كۆی تاكایەتیدا دەبینێت , نوێنەرایەتییەكەش هەر ئاوا لە كۆی تاكایەتیدا دەبینێت . لە سەر بنەمای ئەم تاكایەتییەوەیە كە گشتایەتی لە چەوسێنەریی " نوێنەرایەتی تایبەتی " پاك دەبێتەوە . لە سەر بنەمای ئەم تاكایەتییەوەیە كە هاوكێشەی تەوەرە بەستن پێچەوانە دەبێتەوە . ئەمەیان ئیتر تەوەرە بەستنی گشتە بە دەوری تاكدا " واتە تەوەرە بەستنی گشت بە دەوری هەموو تاكێكدا بە بێ جیاوازی " , نەك تەوەرە بەستنی تاك بە دەوری گشتدا . تەوەرە بەستنی تاك بە دەوری گشتدا , یانی تەوەرە بەستنی تاك بە دەوری نوێنەری تایبەتی گشتدا كە هێزە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكانن ,, بەڵام تەوەرە بەستنی گشت بە دەوری تاكدا , یانی تەوەرە بەستنی گشت بە دەوری نوێنەری گشتدا كە بریتین لە كۆی هەموو تاكەكان بە بێ جیاوازی . مەسەلەی

چەوساندنەوە و هەڵپێچانی چەوساندنەوە , ئەم نوێنەرایەتی کردنەیە . نوێنەرایەتی تاییەت بۆ گشت , یانی مانەوەی چەوساندنەوە و بەردەوام بوون و برەوپێدانی ,, بەڵام نوێنەرایەتی هەموان " هەموو تاکەکان بە بێ جیاوازی " بۆ گشت , یانی هەڵپێچانی چەوساندنەوە و کۆتایی پێهێنانی . گرفتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەویادایە کە ئەم نوێنەرایەتی هەموانە بۆ گشت بە فەرمی ناناسێت . بزووتنەوەی کۆمۆنیستی وەکو هەموو بزووتنەوە ڕاستڕەوەکانی کۆمەڵگا , تەنیا نوێنەرایەتی تاییەت بۆ گشت , بە فەرمی دەناسێت . کۆمۆنیستەکان , نوێنەرایەتی هەموان بۆ گشت , تەنیا بۆ کۆمەڵگای کۆمۆنیستی بە فەرمی دەناسن . لە ئێستاوە تا دامەزراندنی ئەو کۆمەڵگایە " کە خۆیشیان نازانن چۆن دادەمەزرێت و کەسیش نازانێت کەی دادەمەزرێت " کۆمۆنیستەکان وەکو هەموو هێزە بۆرژواکانی دونیا سەرسەختانە ڕاوەستاوون و دەجەنگن  بە دژی نوێنەرایەتی کردنی هەموان بۆ گشت . یانی ئەوانیش وەکو بۆرژواکان نوێنەرایەتی گشت دەدەنە دەست ڕابەرەکانیان . حزبەکانی بزووتنەوەی چەپ لەم مەیدانی نوێنەرایەتی کردنەدا بۆ گشت , لە ڕاستیدا حزبەکانی بزووتنەوەی ڕاستن نەك بزووتنەوەی چەپ . ئاخر بۆ دەبێت حزبەکانی بزووتنەوەی چەپ بن , لە کاتێکدا کە هیچ جیاوازییەکیان لەو مەیدانەدا لەگەڵ حزبەکانی بزووتنەوەی ڕاستدا نییە .

لای چەوساوەکان عەقڵ لە زیندانی دەسەڵاتدایە , کەچی لای چەوسێنەران دەسەڵات لە خزمەتیایەتی . هەر هەمان دەسەڵاتی چەوسێنەرانە کە دوو دەور دەبینێت . دەورێکیان ڕێزنانە لە عەقڵ و کار ئاسان کردنە بۆی , بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئارەزووەکانی دەسەڵاتداران . دەورەکەی تریشیان وەستانەوەیە بە دژی عەقڵ و کۆسپ دروست کردنە لە سەر ڕێگایدا بۆ بە ئەنجام نەگەیاندنی ئارەزووەکانی بێدەسەڵاتان . گرفتەکە لێرەدا دەسەڵاتداریەتییە . دەسەڵات ئامرازێکی بەکارە بۆ بە ئەنجام گەیشتنی ئارەزووەکان . دەسەڵات , لەوێوە کە پێداویستییەکی ژیانی تاکایەتی مرۆڤە بۆ کێشمەکێشی لەگەڵ سروشتدا و هەر لەوێشەوە دەچێتە خانەی خواستە دەروونییەکانەوە , خەزی بە سنووربەندی نییە . ئەم سنوور نەناسینە لە لایەنێکیدا ماف نەناسینە " واتە نەناسینی مافی بەرانبەر " . دەسەڵات تەنیا لە دووتوێی سنوور بندییەکانیدا ماف دەناسێت . سنووربندییەکانی کە لە پێناوی سنوور نەناسینەکەیدا دێنە مەیدانەوە , ئەڵقەکانی زنجیرەیەکن , بێ کۆتاییە . واتە کۆتایی هاتن بۆ سنووربەنییەکانی دەسەڵات نییە . ئەم سنوور نەناسینەی دەسەڵات , لە بناغەدا سنوور نەناسینی دەسەڵاتی تاکایەتی مرۆڤە لە بەرانبەر سروشتدا . دەسەڵات با لە سنووربەندییەکانیدا ماف بناسێت , لە سنوور نەناسینەکەیدا ماف ناناسێت . واتە سنووربەندییەکانی ناچارییە و دادەسەپێت بە سەریدا , ئەگەر وانەبێت ناتوانێت بە سنوور نەناسینەکەیدا بڕوات . سنوور نەناسینەکەی هەمیشە لە پشتی سنووربەندییەکانیەوەیەتی . لەگەڵ هەموو سنووربەندییەکدا , دەرگایەکی دیکەی بۆ سنوور نەناسینەکەی بۆ ئاوەڵا دەبێت .

ئارەزووەکانی مرۆڤ جیهانێکی پڕ لە بێنەوبەرە و تێکچڕژاوون بە سەر یەکدا . لەگەڵ هەموو تێکەڵی و پێکەڵی و ئاڵۆزکاوییەکیشدا کە هەیانە , سیستمێك لەگەڵ یەکدا کۆیان دەکاتەوە . یانی ئارەزووەکان

سیستیماتیکانە مامەڵە لەگەڵ ژیاندا دەکەن . ئارزووەکانی زانین و سێکس و خۆشبەختی و نەمریی , وەکو ڕێکخستن " ئۆرگەنایز کردن " و خۆشەویستی (دەسەڵات و خاوەنداریەتی , دوو توخمن لە پێکهاتەی خۆشەویستیدا بەشدارن ) و کۆنترۆڵ کردن و خواردن و خۆدۆزینەوە ,, کۆمەڵێك ئارەزووی بناغەیی و بەرچاون . ئارەزووەکانی هەر مرۆڤێك بە تەنیا , چ وەك تاك و چ وەك گرووپ و چ وەك هەموان پێکەوە , فراوان دەبنەوە و دەچنە پێشەوە . ئەمە جگە لەوەی کە ئارەزووەکانی هەر مرۆڤێك لەگەڵ مرۆڤەکانی دەوروپشت و کۆمەڵگا و هەر هەموو دونیا پێکەوە , لە هەمان پرۆسەی فراوان بوونەوە و پەرەسەندنی مێژوویياندا سیستم ئامێزن .

عەقڵ وەکو ئامرازی بالانس و دەسەلات " هەبوونی هێز و بەکار هێنانی بۆ سەروەری " ی تاکایەتیش وەکو ئامرازی جێبەجێ کردن , دوو توخمی کارای مەیدانی بزووتنەوەی ئارەزووەکانن . ئارەزووەکان ئامرازی دەستی مرۆڤ نین . مرۆڤ خۆی ئامرازی دەستی ئارەزووەکانە . ئارەزووەکان لە ناوەوە دەسەلات ڕادەکێشن بە سەر مرۆڤدا , نەك بە پێچەوانەوە . ئارەزووەکان دەسەلاتدارن , نەك بە سەر مرۆڤدا , بە سەر خودی دەسەلاتیشدا . دەسەلات چەند گەورە بێت , لە بەردەم ئارەزووەکاندا " ئارەزووەکانی خاوەن دەسەلات " هەر بچوکە . دەسەلات بە هەموو توانایەکیەوە , بە هەموو سەروسیمایەکیەوە , لەوە تێناپەڕێت کە ئامرازی جێبەجێ کردنە بە دەست ئارەزووەکانەوە " دەسەلاتی هەر کەسێك بێت , بۆ ئارەزووەکانی ئەو کەسە خۆی " . هەرچەندە کارە نا مرۆییەکان , عەقڵ نەخشەیان بۆ دادەڕێژێت و دەسەلات جێبەجێیان دەکات , بەلام لە ڕاستیدا , ئارەزووەکان ئەو کارانەیان پێ دەکەن . ئارەزووەکان وەکو بەشە بوونییەکانی مرۆڤێکی تاکایەتی لەگەڵ مرۆڤدا لە دایك دەبن , نەك وەکو بەشە بوونییەکانی مرۆڤێکی کۆمەلایەتی . مرۆڤ خۆی وەکو بوویەك " کائنێك " ی تاکایەتی لە دایك دەبێت , نەك وەکو بوویەکی کۆمەلایەتی . مرۆڤ کە دەچێتە پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانەوە , لە پێناوی تاکایەتی خۆیدایەتی . مرۆڤ نە لە پێناوی خەڵکدا لە دایك دەبێت و نە لە پێناوی خەڵکیشدا دەچێتە پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانەوە . هەبوونی ئارەزووەکان " ئارەزووەکان بۆ خۆیان ژمارەیەکی بەرچاو لە بەشە بوونییەکانی مرۆڤ پێك دەهێنن " بۆ مرۆڤی تاك خۆیەتی , نەك بۆ کۆمەلانی خەڵك . لە سەر بناغەی ئەم تاکایەتییەی " تاك ناسینەی " ئارەزووەکانەوەیە , هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان و ڕێکخستنەوەیان بە پێی تەبا بوونیان لەگەڵ ئەم ئارەزووانەدا دێتە گۆڕێ .

هەرچەندە لە دەرەوەڕا مرۆڤ خاوەنی ئارەزووەکانە , بەلام لە ناوەوەڕا ئارەزووەکان خاوەنی مرۆڤن . نەخۆشییە سایکۆلجییەکان لە کۆنترۆڵ کردنی ئارەزووەکانەوە سەرچاوە دەگرن . بێ متمانەیی لە بەرانبەر یەکتریدا , بەرهەمی ئەو بارودۆخەیە . لێرەوە ئێرەیی بردن و ڕق هاتنەوە و تەپکە نانەوە بۆ یەکتری لە دایك دەبن . چاودێری کردنی یەکتری لە ژێر فشاری عەقڵی گشتیدا و ڕەخنە گرتن بە شێوازی جۆربەجۆر و ئاراستە کردنی بە پێی هاتنەوەی لەگەڵ ئەو میتۆدە کۆمەلایەتییەدا بۆ یەکتری , ڕێگای سروشتی خۆیان لە کۆنترۆڵ کردنی ئارەزووەکانەوە دەگرنە بەر . سازش کردن و پیاهەڵخوێندن " مەدح کردن " و یاری کردن

لە کایەی دەسەلاّتدا , بۆ هەڵپێچانی هەرچی زیاتری کۆنترۆڵ کردنی ئارەزووەکانە . ئەم بەشە بوونیانە " ئەم ئارەزووانە , یان ئەم خواستە دەروونییانە " یە کە ژیانی مرۆڤ بە گوێرەی ڕێڕەوی بە ئەنجام گەیشتنی خۆیان ئاراستە دەکەن .

توندوتیژییەکان بۆ هاتنە دی ئارەزووەکان پیادە دەبن . توندوتیژی خۆی لە خۆیدا یەکێك لە ئارەزووەکانی مرۆڤ نییە " با لە دەسەلاّتخوازیشەوە کە ئارەزوویەکی مرۆڤە لە دایك ببێت " , ئەوە نەبوونی زەمینەی بەدیهاتنی ئارەزووەکانە دروستی دەکات . چەوساندنەوە بە هەموو شێوەکانیەوە , لە سازاندنی بەدیهاتنی ئارەزووەکانی مرۆڤەوە " بۆ هەموو مرۆڤەکانی دونیا بە چوونیەکی " کۆتایی پێ دێت . ناچاریی بەدی نەهاتنی ئارەزووەکانی مرۆڤ بووە " بە تایبەتی ئارەزووەکانی زانین و خۆدۆزینەوە " , دەسەلاّتە ئاسمانییەکانی دروست کردووە . وە دیسانەوە ناچاریی بەدینەهاتنی ئارەزووەکانی مرۆڤ بووە " لەوانە ئارەزووەکانی سێکس و خۆشەویستی و خۆنواندن و خۆپارێزی و ڕێکخستن و خۆویستن و دەسەلاّتخوازیی و خاوەنداریەتی و خۆشبەختی " دەسەلاّتە ئاسمانییەکانی گواستووەتەوە بۆ سەر زەوی ( لە ڕاستیدا بە ناوی نوێنەرایەتی کردنی خۆیەوە بۆ ئەوان , بۆ دەسەلاّتە ئاسمانییەکان , ئەوانی کردووە بە نوێنەری خۆی ) . بۆ ئەوەی دەسەلاّتە ئاسمانییەکان بارگەوبنەیان لە سەر زەوی بپێچنەوە و بڕۆنەوە بۆ ئاسمان ( بێگومان دەسەلاّتی ئاسمانی نەهاتووەتە سەر زەوی , ئەوە مرۆڤ خۆیەتی کە بە ناوی ئایینەوە نوێنەرایەتی دەسەلاّتی ئاسمان دەکات لە سەر زەوی ) , دەبێت زەمینەی بە ئامانج گەیشتنی ئارەزووەکانی مرۆڤ دەستەبەر بکرێت .

عەقڵ و دەسەلاّت و ئارەزووەکان , خۆیان نا مرۆیی نین . کۆنەپەرستی و نا مرۆیی بوون و توندوتیژی , بەرئەنجامی بەدینەهاتنی ئارەزووەکانن . نامرۆیی دەسەلاّت بەرئەنجامی کۆنترۆڵ کردنی دەسەلاّتە تاکایەتییەکانن لە لایەن دەسەلاّتە کۆمەلاّیەتی و سیاسییەکانەوە . نامرۆیی هەر دەسەلاّتێکی تاکایەتیش , لە زەوت کردنی مافی پێڕەوا بینینی دەسەلاّتی تاکایەتی تردایە . زەوت کردنەکانی دەسەلاّت , بەدینەهاتنی ئارەزووەکان , دروستیان دەکەن .

پەیوەندی مێژوویی دەسەلاّتەکان ئاواهییە : دەسەلاّتە سیاسییەکان لە سەر بناغەی دەسەلاّتە کۆمەلاّیەتییەکانەوە دروست بوون . دەسەلاّتە کۆمەلاّیەتییەکانیش لە سەر بناغەی دەسەلاّتە تاکایەتییەکانەوە دروست بوون . زەوت کردنی دەسەلاّت " تالاّن کردنی دەسەلاّت " یەکەمجار لە ناو دەسەلاّتە تاکایەتییەکان خۆیانەوە و لە بەرانبەر یەکتریدا هاتووەتە ئاراوە . ئامرازی جێبەجێ کردنی زەوت کردنەکانی دەسەلاّت لە لایەن دەسەلاّتە تاکایەتییەکان و لە بەرانبەر یەکتریدا : هێزی لەش " هێزی ماسولکە " و بەکار هێنانی بە پلەی یەکەم و هێزی بیر کردنەوە بۆ فرۆفێڵ و پشقووڵ لێدان بە پلەی دووەم و زۆر جاریش یەکانگیر بوونی ئەو دوو هێزە بووە . هۆکاری بەرپابوونی ئەو زەوت کردنی دەسەلاّتە لە لایەن دەسەلاّتە تاکایەتییەکانەوە و لە بەرانبەر یەکتریدا پیچداویستی بەدیهێنانی ئارەزووەکان پێی کردوون . وە دەسەلاّتە کۆمەلاّیەتییەکان لە سەر بناغەی ئەم کێشمەکێشە ناوەکییانەی دەسەلاّتە

تاکایەتییەکانەوە دروست بوون . یانی لەبار نەبوونی زەمینە بۆ بەدیهاتنی ئارەزووەکان , دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەکانی دروست کردووە . دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرەتای دروست بوونیاندا کە وەك ئامرازەکانی ڕێکخستن بۆ خۆیان و لە پێناوی بەدیهاتنی ئارەزووەکانیاندا دامەزراوون , لەگەڵیشیاندا سەرەتاکانی چەوساندنەوەی چینایەتی لە دایك دەبێت .

هەموو زەوت کردنێکی دەسەڵاتە تاکایەتییەکان لە لایەن دەسەڵاتی تاکایەتی ترەوە لە سەرەتای مێژووی دروست بوونیەوە تاکو ئێستا لە هەرکوێیەکدا بوو بێت و لە ژێر هەر بڕوبیانوویەدا چووبێتە پێشەوە , ئەوە ڕەت ناکاتەوە کە تالآن کردنی دەسەڵات هەمیشە تاوانە . من نامەوێت بڵێم عەقڵ و دەسەڵات و ئارەزووەکان , تاوان لەگەڵ خۆیاندا هەڵناگرن , بەڵام دەڵێم نەبوونی زەمینەی بە ئەنجام نەگەیشتنی ئارەزووەکان , تاوانەکان دروست دەکەن . تاوان هەڵگرتنی ئەم سیانە " عەقڵ و دەسەڵات و ئارەزووەکان " زگماکییانە نییە . بارودۆخی نەگونجاو تاوانیان پێ ئەنجام دەدات . مێژووی بارودۆخی نەگونجاو لە مێژووی دروست بوونی مرۆڤەوە دەست پێدەکات . لەو کاتەوە هەتا ئێستا گرفتەکە , فەراهەم نەبوونی زەمینەی بە ئەنجام گەیشتنی ئارەزووەکانە . لەگەڵ ئەوەشدا کە مرۆڤایەتی لە پرۆسەیەکی مێژوویی دوور و درێژدا توانیویەتی ژمارەیەکی هێجگار زۆر دەستکەوتی جۆراوجۆر لە کات و شوێنی جیاوازدا لەم بارەیەوە بە دەست بهێنێت , بەڵام ئارەزووەکانی مرۆڤ لە پەلوپۆ هاویشتنیاندا , ئەوەندە چوونەتە پێشەوە , کە ئەم دەستکەوتانە هەر هەموویان لە چاویاندا زۆر کەمن . مەسەلەی عەقڵ وەکو ئامرازی باڵانس لە نێوان هەموو یەکێك لە ئارەزووەکان و بە ئەنجام گەیشتنیدا , لەوە تێناپەڕێت کە پاشکۆیە و دەورەکەشی تەنیا سنووردار کردنی بەردەوامانەی سنوور نەناسینی ئارەزووەکانە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان . یانی لە بنەڕەتدا ئۆباڵی تاوان پڕ بە پڕی نادرێت بە ملی عەقڵدا . وە چۆن ئەم ئۆباڵی تاوانە نادرێت بە ملی عەقڵدا , هەر ئاواش نادرێت بە ملی دەسەڵات و ئارەزووەکانیشدا . دەسەڵات وەکو دەسەڵاتێکی تاکایەتی کە مافی دەسەڵاتە تاکایەتییەکانی دیکەی هەموو مرۆڤێك لە دونیادا بە فەرمی بناسێت , توخمێکی بنچینەیی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و ئامرازێکی کارای جێبەجێ کردنی ئارەزووەکانە . جیاوازی کار و دەسەڵاتی تاکایەتی لەوە تێناپەڕێت , کە کار لە دووتوێی سیستمێکی کۆمەڵایەتی یان کۆمەڵایەتی و سیاسیدا , بەرئەنجامی چوونە پرۆسەی یەکگرتنی کۆمەڵێك دەسەڵاتی تاکایەتین بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئارەزوویەك " جا ئەگەر ئارەزووەکە بە پەیوەند بە کەسێکەوە یان کۆمەڵێك کەسەوە یان دامودەزگایەکەوە بێت هیچ لەوە ناگۆڕێت کە ئامانجەکە بە ئەنجام گەیشتنی ئەو ئارەزووەیە " . یانی کار هەمیشە ئەو پرۆسەیەیە کە بەدیهاتنی ئارەزووی تیا گەڵاڵە دەبێت . کار ئەو پرۆسەیەیە کە چوونە پێشەوەی عەقڵ و دەسەڵات و ئارەزووشی تیا گەڵاڵە دەبێت . کار توخمێکی بنچینەییە بۆ کۆکردنەوەی عەقڵ و دەسەڵات و ئارەزووەکان لە بازنەی پەرەسەندنی مێژووییاندا .

دەسەڵات کە حاڵەتی بەرجەستە بوونی دەسەڵاتخوازییە وە دەسەڵاتخوازییش بۆ خۆی یەکێکە لە ئارەزووەکان " خواستە دەروونییەکان " , یانی دەسەڵات حاڵەتی بەرجەستە بوونی ئارەزووی مرۆڤە . وە بەو

هۆیەوە کە ئارەزوو سنوور ناناسێت , یانی دەسەلاتخوازییش سنوور ناناسێت . کەواتە مەسەلەی دەسەلات لای مرۆڤەوە هەمیشە حالەتێکی ڕوو لە سەرە . بەو بڕەی دەسەلات لە دووتوێی کێشمەکێشی مرۆڤ و سروشتدا دەچێتە سەرەوە , بەو برە دەرگا لە سەر ژیانی مرۆڤ بە ڕووی باشتر بووندا دەکرێتەوە . وە بەو بڕەی دەسەلات لە دووتوێی کێشمەکێشی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤدا دەچێتە سەرەوە , بەو بڕە دەرگا لە سەر ژیانی مرۆڤ بە ڕووی باشتر بووندا دادەخرێت . یانی دەسەلات بە دەست هاوردن لە سەر حسابی سروشت , بەختەوەرییە ,, بەلام دەسەلات بە دەست هاوردن لە سەر حسابی مرۆڤ تراجیدیایە . بەختەوەری بێت یان تراجیدی سەبارەت بە مرۆڤایەتییە بە شێوەیەکی گشتی , نەك بە تەنیا سەبارەت بە کەس و لایەنێك . دەسەلات هەمیشە خاسیەتی خاوەنداریەتی هەیە . دەسەلات ڕاهێشتن بە سەر هەر شتێکدا بێت , بە مانای خاوەنداریەتی دێت , ئیتر بە هەر پلەیەك بێت . خاوەنداریەتی جگە لەوەی خاسیەتێکی دەسەلاتە , ئارەزوویەکی دیکەی مرۆڤیشە . وە خاوەنداریەتی تایبەتی پێش ئەوەی لە مێژوودا وەکو دیاردەیەکی کۆمەلایەتی دروست ببێت , وەکو ئارەزوویەکی مرۆڤ لە ناو خودی مرۆڤدا هەبووە . لە سەر بناغەی ئەم ئارەزووە تاکایەتییەوە , خاوەنداریەتی تاکایەتی لە کۆمەڵگادا دروست بووە . ئەگەر ئەم بناغەیە نەبوایە , ئەو خاوەنداریەتییە دروست نەدەبوو . کەواتە خاوەندارتی گشتی دەبێت لە سەر بناغەی خاوەنداریەتی تایبەتییەوە بنیات بنرێت . خاوەنداریەتی گشتی دەبێت زەمینە خۆشکەری خاوەنداریەتی تایبەتی بێت . لە پێناوی خاوەنداریەتی تایبەتیدا دەبێت خاوەنداریەتی گشتی مسۆگەر بکرێت . یانی خاوەنداریەتی گشتی دەبێت لە خزمەتی خاوەنداریەتی تایبەتیدا بێت . گرفتەکەی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی لەویادایە کە بە ناوی بەرژەوەندی گشتییەوە , خاوەنداریەتی تایبەتی لە پێناوی خاوەنداریەتی تاکی تایبەتدایە . یانی خاوەنداریەتی تایبەتی زۆربەی زۆری خەڵك , دەکرێت بە قوربانیی لە پێناوی خاوەنداریەتی تایبەتی کەمینەی خەڵکدا . ئەڵبەتە هەڵپێچانی خاوەنداریەتی تایبەتی هەڵەیە , یەکسانی کردنەوەی خاوەنداریەتی تایبەتی دروستە . یەکسانی کردنەوەی خاوەنداریەتی تایبەتی , لە سەر بناغەی یەکسانی کردنەوەی دەسەلاتەوە دێتە دی . گشتی کردنەوەی خاوەنداریەتی بۆ یەکسانی کردنەوەی خاوەنداریەتی تایبەتییە . یانی بۆ دابین کردنی مافی چوونیەکانەی مرۆڤەکانە بۆ هێنانەدی ئارەزووەکانیان . بۆ نەهێشتنی دەسەلاتی مرۆڤەکانە بە سەر یەکترییەوە . گشتی کردنەوەی خاوەنداریەتی بۆ هەموانی کردنەوەی خاوەنداریەتی تایبەتییە لە سەر بناغەی بە فەرمی ناسینی ئارەزووەکانی مرۆڤ و کردەیی کردنەوەی یەکسانی ئەو ئارەزووانە لە نێوان مرۆڤەکانی هەر هەموو دنیادا پێکەوە . مرۆڤ پێش ئەوەی خاوەنی عەقڵ بێت , خاوەنی ئارەزووە . ئارەزوو عەقڵی هێناوەتە بوون , عەقڵ ئارەزووی نەهێناوەتە بوون . لە سەر بناغەی عەقڵەوە چارەسەری کێشەی مرۆڤ ناکرێت . لە سەر بناغەی ئارەزووەوە چارەسەری کێشەی مرۆڤ دەکرێت . پێداویستی هەبوونی عەقڵ و زانست و تەکنۆلۆژیا بۆ چارەسەر کردنی کێشەی ئارەزووەکانی مرۆڤە , نەك کێشەکانی عەقڵی مرۆڤ . ئەوەی کە گرفتی بنەڕەتی بۆ عەقڵ دروست کردووە لە ڕووکاردا دەسەلاتە , بەلام لە جەوهەردا دابین نەبوونی زەمینەی بەدیهاتنی ئارەزووەکانی مرۆڤە .

هەموو دەسەلاتێك وەكو قۆناغێكی بەرجەستە بووی دەسەلاتخوازیی , دەرەقەت هاتنە . دەرەقەتی كەسێك , لایەنێك , ڕووداوێك , دیاردەیەك دێت . توانا شكاندنە بە سەریدا . یەكێك دەسەلاتی لە بەرانبەر هەر شتێكدا هەبێت , یانی لە عەوەی دێت . مسۆگەر بوونی توانای سەركەوتنە بە سەریدا . پۆز لێدان , داخوڕین , تووڕەبوون , ملهوڕیی , شانازی كردن , سووك سەیر كردنی خەڵك , هەمووی بەرئەنجامی دەسەلاتن .

دەسەلات لە سیستمی تاكایەتیدا , كار دەخاتە ژێر ڕكێفی خۆیەوە ,, بەلام لە سیستمی كۆمەلایەتی و سیاسیدا , مرۆڤیش دەخاتە ژێر ڕكێفی خۆیەوە . دەسەلات بەرئەنجامی توندوتیژی نییە , توندوتیژی خۆی بەرئەنجامی دەسەلاتە . توندوتیژی و خاوەنداریەتی , دوو خاسیەتی دەسەلاتن . توندوتیژی هەمیشە بەرهەمی دەسەلاتە . لەوێوە كە دەسەلات بەرهەمی دەسەلاتخوازییە , یانی بەرهەمی ئارەزووی مرۆڤە . كەواتە لە دووتوێی چارەسەركردنی گرفتەكانی ئارەزووەكانی مرۆڤەوە , چارەسەری گرفتی دەسەلاتیش دەكرێت . دەسەلاتخوازیی كە ئارەزوویەكی " خواستێكی دەروونی " مرۆڤە , دەبێت زەمینەی بە ئەنجام گەیشتنەكان و چوونە پێشەوەكانی بۆ فەراهەم بكرێت نەك تیابردنی . فەراهەم بوونی ئەو زەمینەیەش بە فەرمی ناسینی دەسەلاتخوازیی هەموو مرۆڤێكە لە دووتوێی پیادە كردنی یەكسانییەوە لە دەسەلاتدا . دەسەلات , خۆڕادان و خۆگێڤ كردنەوە و خۆداسەپاندنی لە هەناودایە . ئەم حاڵەتە كە بەرئەنجامی سروشتیی دەسەلاتخوازییە , لە پێداویستی كێشمەكێشی مرۆڤەوە لە بەرانبەر سروشتدا , سەرچاوە دەگرێت . كێشمەكێشی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا , حاڵەتێكی ناچارییە . ئەم ناچاریەتییە ئاژەڵیش دەگرێتەوە . ئەوانیش " ئاژەڵ بە هەموو جۆرەكانیەوە " كێشمەكێشیان لە سنوورێكی دیاریكراودا , لەگەڵ سروشتدا هەیە . دەسەلاتخوازیی لە دووتوێی كێشمەكێشیەوە لەگەڵ سروشتدا بەرجەستە دەبێتەوە . ئەمە لە سەرەتای مێژووی دروست بوونی مرۆڤەوە , ئاوا بووە . ئەم بەرجەستە بوونەوەیەی دەسەلاتخوازی " دەسەلات " كە پێداویستی گوزەراندن " ژیان بە سەر بردن " هێناویەتییە بوون , لە سیستمە تاكایەتییەكەیدا , توخمێكی بنچینەیی چوونە پێشەوەی مرۆڤە . بەلام ئەم بەرجەستە بوونەوەیە لە ژیانی كۆمەلایەتیدا توخمێكی بنچینەیی چوونە دواوەی مرۆڤە . یەكگرتنی دەسەلاتە تاكایەتییەكان لە بەرانبەر سروشتدا , پێشكەوتنە ,, بەلام لە بەرانبەر یەكتریدا " یەكگرتنی كۆمەڵێك دەسەلاتی تاكایەتی لە بەرانبەر كۆمەڵێك دەسەلاتی تاكایەتی تردا " دواكەوتنە . كۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە نێوانی ئەم پێشكەوتن و دواكەوتنەوە , گەیشتووە بەم بارودۆخەی كە ئێستا تیایدا دەژی . وەك پێشتر و لەم ووتارەشدا باسم لێوە كردووە , ڕادیكالترین فەلسەفەی ڕزگار كردنی مرۆڤایەتی لەم دواكەوتنە , كە تا ئێستا هاتبێت , بێگومان , ماركسیزم بووە . بەلام ماركسیزم بەو هۆیەوە كە عەقڵ وەكو بەرهەمی كار " ئیش " دەناسێت و بە بەستنەوەی بە باری ئابوورییەوە كە ژێرخانی كۆمەڵگا پێك دەهێنێت , مامەڵەی لەگەڵدا دەكات ,, ناتوانێت بە ئەنجامێكی دروست بگات . بە ڕای من سەرنەكەوتنی ماركسیزم لە ڕزگار كردنی مرۆڤایەتیدا دەگەڕێتەوە بۆ نەناسینی عەقڵ وەكو بەرهەمی ئارەزووەكانی مرۆڤ . مامەڵە نەكردن لەگەڵ چوونە پێشەوەی عەقڵدا بە گوێرەی

چوونە پێشەوەی ئارەزووەکان , ئەو گرفتەیە کە بۆشاییەکی گەورەی لە مارکسیزمدا دروست کردووە . مارکسیزمیش ئارەزووەکان دەخاتەوە ژێر ڕکێفی عەقڵەوە . لە ڕوانگەی عەقڵ سالارییەوە " لانی کەم تا مرۆڤایەتی دەگاتە کۆمۆنیزم " مامەڵە لەگەڵ ئارەزووەکاندا دەکات . دەسەڵاتخوازیی مرۆڤی تاك بە فەڕمی ناناسێت . دەسەڵاتخوازیی چینێك " چینی کرێکار " بە فەڕمی دەناسێت . دەسەڵاتخوازیی دەکات بە ئامڕازی دەستی عەقڵ , لە کاتێکدا کە عەقڵ خۆی ئامڕازە بە دەست دەسەڵاتخوازییەوە " دەسەڵاتخوازیی وەك یەکێك لە ئارەزووەکانی مرۆڤ " . دەسەڵات " حاڵەتی بەرجەستە بوونەوەی دەسەڵاتخوازیی " ئامڕازی جێبەجێ کردنە بۆ ئارەزووەکان و بەدیهاتنەکانیان , لە پاڵ بە ئامڕاز بوونی عەقڵدا بۆ بالانس پێکردنی ئەو ئارەزووانە و بەدیهاتنەکانیان . مارکسیزم دەسەڵات وەکو ئامڕاز نابینێت , وەکو ئامانج دەیبینێت " لانی کەم تا کۆمەڵگای کۆمۆنیستی " . ئەم بە ئامانج بینینەی دەسەڵاتە , تاك لە گشتدا دەتوێنێتەوە . لێرەوەیە بەرژەوەندی گشتیی فەرمانڕەوایی دەکات و تاك دەبێت بە قوربانیی بۆ ئەو . دامەزراندنی حوکومەتی کرێکاری , پڕۆژەیەکە بۆ دەسەڵات و دەسەڵاتیش خۆی ئامڕازە , ئیتر چۆن دەبێت بکرێت بە ئامانج . ئامانج تەنیا بە فەڕمی ناسینی ئارەزووەکانی مرۆڤ و کار کردنە بۆ بە ئەنجام گەیشتنەکانیان . ئەنجامەکان , ئەڵقەکانی زنجیرەیەکن بۆ ئارەزووەکان کە کۆتایی هاتنیان بۆ نییە . حوکومەتی کرێکاری بەو بڕەی وەکو ئامڕازی جێبەجێ کردنی ئارەزووەکان " مەبەست لە ئارەزووەکانی هەموو مرۆڤەکانە بە بێ جیاوازی " دێتە مەیدان , بەو بڕە دیمۆکراسییە . وە بەو بڕەی وەکو لێدان لە ئارەزووەکان " با بۆ هەر کەس و لایەن و توێژ و چینێك بێت " دێتە مەیدان , بەو بڕە دیکتاتۆرە . هەموو دیکتاتۆریەتێك بەرهەمی داسەپاندنی عەقڵە بە سەر ئارەزووەکانەوە . لە هەر شوێنێکدا عەقڵ سالاریی هەبێت , لەو شوێنەدا دیکتاتۆرییەت هەیە . چڕ بوونەوەی دیکتاتۆرێتی بە پێی چڕ بوونەوەی عەقڵ سالارییە . چڕبوونەوەی عەقڵ سالاریی , چڕ بوونەوەی دەوری تاکی تایبەتە لە بەرانبەر تاکی هەموانیدا. چڕ بوونەوەی دەوری تاکی تایبەت یانی چڕ بوونەوەی دەوری نوێنەری گشت . چڕ بوونەوەی دەوری نوێنەری گشت کە تاکی تایبەتە , یانی چڕ بوونەوەی تەوەرە بەستنی تاك " تاکە هەموانییەکان " بە دەوری گشتدا " گشتیش لە لایەن تاکە تایبەتەکانەوە نوێنەرایەتی دەکرێت " . چڕ بوونەوەی تەوەرە بەستنی تاك بە دەوری گشتدا کە بریتییە لە چڕ بوونەوەی تەوەرە بەستنی تاکی هەموانی بە دەوری تاکی تایبەتدا , بە مانای داماڵینی تاکایەتی تاکە هەموانییەکان و چڕ بوونەوەی تاکایەتی تاکە تایبەتەکان دێت . دیکتاتۆرێتی لە بناغەدا بریتییە لە داماڵینی ئەو تاکایەتییە لە تاکە هەموانییەکان " واتە زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵانی خەڵك " و چڕ بوونەووەی ئەو تاکایەتییەی تاکە تایبەتەکان . داماڵینی تاکایەتی لە مرۆڤ ,بێدەسەڵات کردنە و چڕ بوونەوەی تاکایەتیش تیایدا دەسەڵات وەرگرتنە . ئەم پرۆسەیە کە بێدەسەڵات کردنی تاکی هەموانییە لە بەرانبەر تاکی تایبەتدا , لە ڕاستیدا داسەپاندنی دیکتاتۆرێتی تاکی تایبەتە بە سەر تاکی هەموانیدا . داسەپاندنی دیکتاتۆریەتی تاکی تایبەت بە مانای داسەپاندنی عەقڵی تاکی تایبەت دێت بەسەر عەقڵ و ئارەزووەکانی تاکی هەموانیدا . کەواتە عەقڵ سالاریی لە هەناوی خۆیدا هەڵگری

دیکتاتۆریەتە . تەنانەت هەموو مرۆڤێك بەو برە دیکتاتۆرە بەرانبەر بە خۆی کە عەقڵی دادەسەپێنێت بە سەر ئارەزووەکانیدا .

لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەمەوە کە توندوتیژی ئارەزووی مرۆڤ نییە , بەڵکو خاسیەتێکی دەسەڵاتە و لە بار نەبوونی زەمینەی هاتنەدی ئارەزووەکان سەپاندوویەتی بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بۆ وەستانەوە لە بەرانبەر یەکتریدا . دەسەڵات وەکو حاڵەتی بەرجەستە بوونەوەی دەسەڵاتخوازیی کە هەبوونی هێز و بەکارهێنانی دەبنە ماتەریاڵ و شێوازی کار کردنی , کۆنترۆڵ کردنی کەس و لایەن و دیاردە , دەبنە ئامانجی . دەسەڵات بەرجەستە بوونەوەی ئارەزووە . کار پرۆژەیە بۆ بەرجەستە بوونەوەی ئارەزوو . دەسەڵات کار دەخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە . کار ناتوانێت دەسەڵات بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە . دەسەڵات ئامرازی جێبەجێ کردنی ئارەزووە . کار ئامرازی دەسەڵاتە . دەسەڵات عەقڵ زیندانی دەکات . کار ناتوانێت عەقڵ زیندانی بکات . دەسەڵات بەرژەوەندی داگیر دەکات . کار بەرژەوەندی دروست دەکات . دەسەڵات ئاسوودەیی و پشوودانە . کار کردن ماندوو بوون و رەنج کێشانە . کار لە دووتوێی دەسەڵاتی تاکایەتیدا و بە پێی نەخشە دارشتنی عەقڵ ئامرازێکی گونجاوە بە دەست دەسەڵاتەوە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئارەزووەکان , کەچی لە دووتوێی سیستەمی دەسەڵاتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا ئامرازێکی سەرکوتگەرە بۆ چەوساوەکان . دەسەڵات هەرچەندە حاڵەتی بەرجەستە بوونەوەی دەسەڵاتخوازیی مرۆڤە , بەڵام هەبوونی هێزێکی داسەپێنەرە بۆ سەروەری مرۆڤ . کار , بە گەر خستنی ئەو هێزەیە لە پێناوی ئەو سەروەرییەدا . دەسەڵات ئامانجە بۆ کار , بەڵام ئامرازە بۆ ئارەزوو . یانی کار ئامرازە بۆ دەسەڵات , دەسەڵاتیش ئامرازە بۆ ئارەزوو . کەواتە دەسەڵات لە پێناسەیەکی تریدا لای منەوە , بریتییە لە هەبوونی هێز و بەکار هێنانی بۆ سەروەریی . وە کاریش بریتییە لە پرۆسەی ئەو بەکارهێنانە بۆ ئەو سەروەرییە . بەڵام کار لە پێناسەیەکی بالاتردا و لە ژێر نەخشەداریی عەقڵ و فەرمانداریی دەسەڵاتدا بریتییە لە پرۆسەی بەیەك گەیشتنی ئارەزووەکان و بەدیهاتنەکانیان . کار " کار وەکو بەشێك لە دەسەڵات کە پرۆسەی بەکار هێنانی هێزە " و دەسەڵات و عەقڵ , ئەو توخمانەن کە پێداویستیی بەدیهاتنی ئارەزووەکانی مرۆڤ بۆ هێنانەدی ژیانێکی باشتر لەگەڵ یەکتریدا کۆیان دەکاتەوە .

2006-10-9